**لە عەقڵی خۆت بترسێ؟؟؟ مەلا... كارزان مستەفا**

ئەگەرچی وەڵامدانەوەی كەسایەتیەكی وەك و مەلا جەعفەر رەنگە پێویست نەبێت چونكە سەركردایەتی سیاسی كورد خۆی باش ئەوە دەزانێت ئەوەی كە بەسەر ئەو میللەتە هاتووەو دێت ئەوەیە كە میللەتێكی موسڵمانە خۆ ئەگەر موسڵمان نەبووایە تاوەكو ئێستا بەناوی موسڵمانەوە دەوڵەتی عوسمانی و عەرەب و فارس ئاوا داگیریان نەدەكردوو ئەوكات هەستی نەتەوەیی لە رۆحی ئەو میللەتە بەهێز تر دەبوو لە بەرامبەر بەو هەستە ئاینیە چەوتەی كە ئەو میللەتە هەیەتی بەڵام ئێستا بەرەو هۆشیاری دەرِوات و چیتر مەلا جەعفەرو ئەمسالەكانی بزن و مەرِو ولاغ و پارەیان بەناوی دینەوە بۆ باغەڵ نارِوات بەڵام جارێ وا لە پەلەقاژی مەرگدان و دەیانەوێت هەر چۆنێك بێت ئەو دینە بهێنن بەسەر خەڵكی كوردستاندا بسەپێننەوە.

نازانم ئەو ئامارە ورد بینەی لە كوێ هێناوە كە 90% ئەو میللەتە بەرِۆژووە و نوێژ دەكات ئەو برادەرە هەر بە عەقڵی خۆی بیر دەكاتەوەو وا دەزانێت هەرێمی كوردستان حەبەشەیە بردەر ئەو دینە بەو عەقڵیەتە توندەی كە جەنابیت گرتووتە هەر لە لای تۆ بوونی هەیەو ئێستا گەنجەكانمان باش لەوە گەیشتوون كە دەبێت دین و دەوڵەت حیزب و دەوڵەت جیابكرێتەوە ئەو كات وەزارەتی ئەوقافیش پارەی نابێت بیداتە مزگەوتەكان و مەلاكان و جەنابیشت واز لە نوێژو خوتبەو جەماعەت دەهێنی چونكە ئەو دینە لە هەرێمی كوردستان لەسەر پارە وەستاوە خۆ ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف پارەی نەما لە حكومەتی وەربگرێت و بیداتە مەلاو بانگ دەرو... هتد و مجێورەكان ئەوە نە كەسێك دەبێت بانگ بدات نەجەنابیشت موچەت دەبێت ئەوكات باش تێ دەگەی كە 90%ی ئەو میللەتە ئەو موسڵمانە نیە كە تۆ بەو عەقڵیەتە هستریەتەوە تیی گەیشتووی.

بەرِێز جەنابی مەلا سەركردایەتی سیاسی كورد ئەگەر بۆی بكرێت بەتەواوی ئەوەی وتم دین و دەوڵەت جیادەكاتەوە بەڵام دەزانێت هێشتا عەقڵیەتی نەخۆش ماون و ئەگەری ئەوەهەیە ئەو كوردستانەش بكەنە ئەنبارو وێرانی بكەن بۆیە كاتێكی زۆری ماوە دین بچێتەوە ناو مزگەوتەكان و كڵێساكان نەك بێت وەك و دەستوری عێراق دەستورێكی فول ئیسلامی دابنێت و ئەو كات نەوەكانمان تفو نەحلەتمان بۆ بنێرن بڵێن ئەو دینە بوو بەچی ئەبێت لە ناو خوی و شەكرو چاشا بێت، برادەر هەندێك وەرەوە سەر خەت بزانە چی دەنوسی گەلی ئەمریكا كە ئێستا لە ئەو پەرِی خۆش گوزەرانیدا دەژی بەرِای من نەك بەرِای تۆ كە كافروستانیە هۆكارەكەی ئەوە بوو لە یەكەم جیابوونەوەی لە ئنگلیز و بەریتانیا سەركردەیەك دەسەڵاتی وەرگرت ووتی" با دەستورێك بۆ نەوەكانمان دابنێین رەنگە زۆر شت هەیە ئێستات قبوڵ نەبێت بەڵام رۆژی خۆی جێگیر دەبێت نەك بێن وەكو جەنابت قورِ بكەن بە سەر منداڵەكانیان و بەزۆر سەرپۆسیان لەسەر بكەن.

مەلا گیان تۆ دەمێكە قسەكانت بۆنی تیرۆرو توندوو تیژیان لێ دێت بەس سەركردایەتی كورد لەوە زیرەك ترە بە عەقڵیەتی تۆ بیر بكاتەوەو رێگا لە عەقڵت بگرێت و خۆت بە پاڵەوان بێتە بەر چاو لە بەندیخانەكان ئەگەر نا ئەوە شوێنی موستەحەقی تۆیە نەك گەنج و لاوەكان فریوو بدەیت و بیان كەیتە عەرەب. مەلا جەعفەر گیان بۆ ئەوەی شەرمەزاری ئەوەش نەبیت كە تۆ خۆت بە مەلایەكی نەتەوەیی دەزانی پێم باشە ئەو قسانەی كە دەیانكەیت و دەیانوسی بیان بەیت بۆ خۆت لە جنوبی عێراق بە كردایان بكەیت چونكە ئەوە هەر لەوێ شوێنیان دەبێتەوە نەك لە هەرێمی كوردستان كە وا دەیەوێت بگاتە وڵاتانی پێشكەوتوو دیبلۆماسیانە لە گەل ئەمریكاو ئیسرائیل مامەڵەبكات.

Karzan2002_mstafa@yahoo. com